بەسەرپەرشتی یەکێتی تۆپی پێی نەرویژی خولی راهێنەران بەکۆتا هات

ئاهەنگ محەمەد

کەریم فەرحان

یوسف کاکێ

راپۆرت: سەرهەنگ نەجمەدین

هەفتەی رابردوو یەکێتی تۆپی پێی نەرویژی گەیشتنە شاری هەولێری پایتەخت، بەمەبەستی کردنەوەی خولی بەهێزکردنی ئاستی راهێنەرانی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق، خولەکەش کە (٣) رۆژی خایاند سەرکەوتووانەش کۆتایی هات، سەرەرای ئەمەیش ساڵی رابردوو یەکێتی ناوبراو بەهەمان شێوە خولێکی بۆ راهێنەران کردەوە، مەبەست لە کردنەوەی خولەکەدا یەکێتی تۆپی پێی نەرویژی ئامانجی سەرەکیان ئەوەبوو لەرێگەی ئەم راهێنەرانەوە بەهاوکاری هەردوو یەکێتی تۆپی پێی ناوەندی عێراق و یەکێتی تۆپی پێی ناوەندی کوردستان، بەدامەزراندنی قوتابخانەیەکی تۆپی پێی کە لە چوار گروپ پێکبهێندرێت، جابۆ ئەم مەبەستە هەفتەنامەی (هەرێمی کوردستان) ئامادەی خولەکە بوو، ئەم راپۆرتەی سازکرد.

سەرەتا لەسەرپەرشتیاری خولەکە (کەریم فەرحان) یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقی پێشوو دەستمان پێکردوو و پرسیاری ئەوەمان لێکرد، ئایا چۆن بوو بۆ سێیەمین جار یەکێتی تۆپی پێی نەرویژی ئەم خولەی سازکرد، لەوەڵامدا گوتی: لەراستیدا یەکێتی تۆپی پێی نەرویژی بۆ زیاتر خزمەتکردن و بەرەو پێشڤەچوونی ئاستی راهێنەران، بۆ جاری سێیەم بەویستی خۆیان رەزامەندیان نیشاندا لەسەر هاتنیان بۆ کوردستان بۆ کردنەوەی خولەکە، ئینجا بریاردرا لەهەر پارێزگایەکی عێراق یەک راهێنەر بەشداری لەخولەکەدا بکات، گوتیشی: ماوەی خولەکەش تەنها ٣ رۆژی خایاند ولەلایەن خاتوو (بۆی) یاریزانی پێشووی تیپی تۆپی پێی ئافرەتانی نەرویژی وانەکان دەگوتراوە بەهەردوو شێوەی پراکتیکی وتیۆری، **هەر لەبارەی کردنەوەی خولەکەش (کەریم فەرحان) گوتی:** کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە بۆ ئەوەیە کە راهێنەران لەدوای پێکهێنانی چەند تیپێکی بەچکەشێران وتازەپێگەیشتووان بتوانن بە سەرکەوتوویی راهێنەرایەتی ئەم تیپانە بکەن و لە هەمان کاتیشدا لە رێگەی دامەزراندنی تیپەکانیانەوە بتوانن چۆن منداڵان بەشێوەیەکی راست ودروست پەروەردە بکەن وپەرە بەئاست وتوانایان بدەن، تا لە دوارۆژدا ببن بەیاریزانێکی لێهاتوو و ئامادەکراو.

دواجار سەبارەت بەم دیارییانەی کە پێشکەشی یاریزانەکانیان کردووە (کەریم) سەرپەرشتیار بۆ ئەم پرسیارەش گوتی: لەگەڵ کردنەوەی خولەکەدا یەکێتی تۆپی پێی نەرویژی هەڵسا بەدابەشکردنی چەند کەڵ وپەلێکی وەرزشیی لەوانە بۆ هەر راهێنەرێک (٢٠) تۆپ وچەندین کەل وپەلی وەرزشیی بۆ مەشقکردن.

(یوسف کاکێ) وەک بەشداربووەکی ئەم خولە سەبارەت بەبەشداریکردنی لەخولەکە گوتی: من خۆشحاڵبووم بەبەشداریکردنم لەم جۆرە خولانە، چونکە دەتوانم بڵێم لەکردنەوەی ئەم جۆرە خولانە سوودێکی تەواومان بینی، بەڵام گرنگ ئەوەیە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان قوتابخانەیەکی چوار گرووپی بۆ یاریزانە بچکۆلەکان دابمەزرێنێت، تا ئێمەش لەرێگەی ئەم قوتابخانەیەوە بتوانین یاریزانی باش ولێهاتوو بۆ دوارۆژ دروست بکەین.

خاتوو (ئاهەنگ محەمەد) وەک بەشداربووەکی خولەکە ئەمەیش سەبارەت بەئاستی خولەکە گوتی: تا رادەیەکی باش خولەکە لەئاستێکی باشدابوو، بەهۆی ئەوەی لە رێگەی وانەبێژی نەرویژی (بۆی) وانەکان بەجوانترین شێوە بۆ بەشداربووان شی دەکردەوە، جگە لەمانەش زۆر جەختیان لەسەر بایەخدانی یاریزانی منداڵیان دەکرد، کە لەرێگەی ئێمەوە بتوانین دوای کۆتایی هاتنی خولەکە چەند گرووپێک لەیاریزانە منداڵەکان پێکبهێنین، بەمەبەستی پێشخستنی ئاستی وەرزشییان، **گوتیشی:** ئەگەر یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هاوکاریمان بکات بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی ئایندەی منداڵان، ئەوا ئێمەش بەهەموو هێزو توانامان دەتوانین لەرێگەی ئەم قوتابخانەیەوە خزمەتێکی باش بەمنداڵەکانمان بکەین، بۆ ئەوەی دوارۆژێکی پڕشنگداریان هەبێت.

میلیتۆ: پیکێ باشترین بەرگریکارە لە جیهان

پاش گەڕانەوەی لە پێکان کە ماوەیەکی زۆر لە یاریگاکان دابڕا، بەرگریکاری ئەرژەنتینی گابرێل میلیتۆ لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا دەستی بە مەشقەکانی کردەوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ وەرزی داهاتوو.

میلیتۆ لە لێدوانێکی بۆ رادیۆی کاتالۆنیا سەبارەت بە هاوڕێکەی گیرارد پیکێ کە لەم دواییەدا نازناوی جامی جیهانیان بەدەستهێنا گوتی: لەو باوەڕەدام کە پیکێ لە ریزبەندی باشترین یاریزانانی جیهانە، لەوانەیە باشتریش بێت، هەروەها خۆشحاڵی خۆی دەربڕی سەبارەت بە خۆئامادەکردن بۆ وەرزی نوێ.

ئا: هیوا یەحیا

سلێمانی خولی لاوانی پلە یەکەکانی بەدەستهێنا

رۆژی هەینی رابردوو لە یاریگای بارزان، بە ئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، دوایاری خولی لاوانی یانە پلە یەکەکان لە نێوان هەردوو یانەی سلێمانی و زاخۆ بەڕێوەچوو، لە ئەنجامدا لاوانی سلێمانی بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ یارییەکەی بردەوەو بووە پاڵەوانی خولەکەو لە کۆتایشدا خەڵاتی خولەکە دابەشکرا.

یاریزان سیروان عەتا الله

سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان یارمەتی چەند وەرزشوانێک دەدات

بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان، بەڕێز (سەفین کانەبی) سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان یارمەتی مادی چەند یاریزانێکی کرد لەوانە:

١- سیروان عەتا الله- لە یانەی هندرێن.
٢- حستۆ عەبدوڵڵا- لە یانەی زاخۆ.
٣- شاڵاو فەتاح- لە یانەی چەمچەماڵ.
٤- هاوکار مزەفەر- لە یانەی چەمچەماڵ.

بەداواداچوون: عیماد قادر

رۆڵی ئافرەتی کورد لە وەرزشدا

ئا/ تریفە سابیر

(١-٢)

کاتێ دەڵێن ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، ئەوا بێگومان دەبێت ئافرەت بەشێکی گرنگ و کاریگەر بێت لە گشت بوارەکاندا و لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا، کۆمەڵگاش خۆی لە گشت بوارەکاندا دەبینێتەوە، ئافرەتی کورد ئەگەر بواری بۆ بڕەخسێت ئەوا بێگومان هەردەم لە پێشکەوتندا دەبێت، بەڵام گەلێک شت هەیە کە دەبنە بەربەست لە بەرامبەر ئافرەتدا بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی پێشکەوتن دوا بکەوێت، ئەویش وەک هەندێک داب و نەریت و باری کۆمەڵایەتی و شتی دیکە، بەتایبەتی لە بواری وەرزشدا، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسی لێوەبکەم ئەوەیە ئایا ئافرەتی کورد هیچ رۆڵێکی هەبووە لە بنیاتنانی بناغەی وەرزش لە کوردستاندا بە گشتی و لە شاری هەولێر بەتایبەتی، چونکە چەندین جار خۆم لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردیدا خوێندوومەوە کە چۆن باسی ئافرەت و وەرزش دەکەن، بەڵام هەمووشیان بە ڕەخنە روو لەئافرەتی کورد دەکەن کە هیچ جارێک رۆڵیان نەبووە لە پێشکەوتنی وەرزشدا و هیچ یەکێک لە نووسەر و وەرزشکارەکان وەک پێویست باسی ئەو ئافرەتانە ناکەن کە دەستکەوتنی وەرزشییان بەدەست هێناوە، گەلێک کەس هەن دەپرسن و دەڵێن: بۆچی ئافرەتی کورد هێشتا لە کاروانی وەرزشیدا دواکەوتووە؟ لە هەمانکاتدا چەندین هۆکار باسی لێوە دەکەن، لەوانە هەندێک دەڵێن: ئافرەتی کورد توانای جەستەیی نییە، یانیش دەڵێن: کەمی یاریگە و یان پاڵپشت و پشتگیری نەکردنیان و یان گەلێ شتی دیکە.

من خۆم وەک کچە کوردێک و دۆستێکی وەرزش بە ئیسنافەوە دەڵێم ئافرەتی کورد لە رووی جەستەییەوە گەلێک لێهاتووە و باشە کە لەگشت یارییەکاندا بەرگری وەرزش بکات و لە هەمانکاتدا ئێمە گەلێک شوێنمان هەیە کە راهێنانی وەرزشی تیا بکەین ئەویش لەسایەی حکومەتی هەرێم و کارکردنی تەواوی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بۆ پێشخستنی بزاڤی وەرزشی، بۆیە دەڵێم ئافرەتی کورد رۆڵێکی بەرچاوی بینی و لە پێشکەوتنی وەرزش هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی وەرزش لە وڵاتەکەماندا کە تەنها تایبەت بوو بە پیاوان کە چەندین جۆری هەبوو کە ناویان نرا بوو یارییە فۆلکلۆرییەکان وەک (زۆرخانە، دارکێشانی، سوارچاکی، یەکبازی).

سەلام حوسێن*

گرفتی هەڵبژاردنی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی تاکەی؟

هەروەک ئاشکرایە ماوەی چوار ساڵە گرفتی هەڵبژاردنی یەکێتی تۆپی پێی عێراقی وەکو خۆی ماوەتەوەو تا ئەمڕۆ رێگاچارەیەکی گونجاوی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەتایبەتیش ئێستا کە هەست دەکرێ دەستێکی سیاسی لە پشتەو ناهێڵێ پرۆسەکە بە راست و دروستی بە ئەنجام بگات، چونکە بەگوێرەی قسەو باسەکان هەر لایەک دەیەوێ بەلای خۆیدا رایبکێشێ.

ئەوەی کە زۆر بەرچاوەو جێگای پرسیارە هەر جارێک جۆرە سیناریۆیەک دادەڕێژن و بەجۆرێک لە بیانووەکان پرۆسەکە ئیفلیج دەکەن، بۆیە هەقوایە هەموومان، بەتایبەتی یەکە وەرزشییەکانی هەرێمی کوردستان وانەیەکی بەسوود لەو جۆرە پەت پەتینە وەربگرین کە وەک پەتایەک خەریکە رەوشەکە بەرەو هەڵدێر دەبات؟!

نازانم بۆچی کەسانێک لە جیاتی ئەوەی خۆیان بەکاری وەرزشی چاکەوە خەریک بکەن و هەڵدەستن کەشوهەوای هەڵبژاردنەکە لەبار دەبەن، بەپێچەوانەوە هەڵدەستن لەمپەر لەبەردەم ئیشوکارەکان دروست دەکەن، بۆیە ئەوانەی بەو کارە هەڵدەستن زۆر بڕوایان بەخۆیان نییە کە لە پرۆسەکە سەرکەوتن بەدەست دێنن، بۆیە وەک ئەوەی دەڵێ کە بۆ من نەبێ نابێ بۆ کەسی دیکە بێت، بەڕاستی هەقوایە هەموومان بەگیانێکی وەرزشی مامەڵە لەگەڵ رەوشەکەدا بکەین و هانی ئەو کەسانە بدەین کە خۆیان کاندید بکەن کە بەشێوەیەکی کارا خزمەت بە بواری وەرزشی دەکەن.

*** سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان**

گۆڵچی یانەی ئاسۆ ئازاد موحسین بۆ (کوردستان):

دووەم ساڵە لە پلە یەکین ساڵی پاریش ئەگەر ئەو کێشەی نێوان راهێنەر و کاپتنی یانە نەبوایە سەرکەوتنمان مسۆگەر بوو

(ئازاد مـوحسین) یەکـێکە لە گـۆڵچـیـیـە دیارەکـانی شـاری هەولێـر و سـاڵی (١٩٨٢) لەدایکبـووەو سـاڵی ١٩٩٧ لە تازە پێگەیشـتـوانی یانەی ئاسـۆ دەسـتی بە یاریکردووە ساڵی(٢٠٠١) بەهۆی وەرگیـرانی لە کـۆلیـژی ئەندازیاری زانکۆی دهۆک مـاوەی دوو سـاڵ لە یانەی پێرس یاریکردووە و ئێستـاش ماوەی چەند سـاڵێکە لەریزی یانەی ئاسۆ یاری دەکات، بۆیە لێی نزیک بووینەوە و سەرەتا لێمـان پرسی ئاستی ئەم سـاڵی خولی یانە پلە یەکەکـانی کوردستان چۆن دەبینی ؟ ئەمیش لە وەڵامدا گوتی:

دیمانە : کارزان هەولێری

خولی ئەمسـاڵ لەپار زۆر بە هێزترەو یانەکانی ئەم سـاڵیش ئاسـتیـان زۆر لێک نزیکەو هەمـوو یانەکان هەوڵی بەدەست هێنانی پلێتی سەرکەوتن دەدەن.

*** بۆچی ئاستان لە یارییەکە بۆیارییەکی دیکە وەکو پێویست نییە ؟**

-ئاسـتی یانەکـەمـان زۆر باشـە پاش رۆیشـتنی(١١) یاریزانی سەرەکی تەنها ٢ یاریا لە دوای سـەفـەرێکی دریژ دۆراندووە لەگـەڵ چەمچەماڵ و هاوکاری دووز (٢) یاریشمان لە یاریگای خـۆمـان بردۆتەوە لەگـەڵ ئالاو گـارە (٢)خـاڵیـشـمـان لە یاریگای رکـابەرەکـانمان بەدەستهێناوە کە برایەتی و زاخۆ بوون.

*** راهێنەرێکی پلە یەک لە دیمانەیەکـدا گوتبووی ئاسۆ یاریزانی نەماوە هەتا یارییان پێ بکەم؟**

-زۆر راست دەکات پار یاریزانی زۆر باشمان هەبوو، بەڵام راهێنەرمـان نەبوو و ئەم سـاڵ یاریزانەکان رۆیشتن و ئێسـتـا راهێنەرێکی زور باشمان هەیە.

*** بۆچی ئێـوە هەمـوو سـاڵ دەڵێن ئاسـتـمـان باشەو کەچی سەرناکەون بۆ خولی نایاب؟**

-دووەم سـاڵە لە پلە یەکـیین سـاڵی پاریش ئەگەر ئەو کێشـەی نێوان راهێنەرو کـاپتنی یانە نەبوایە سەرکەوتنمان مسۆگەر بوو.

*** هیچ بۆندێکت لە یانەکانی دیکە بۆ هاتووە؟**

- سـاڵی ٢٠٠٨ دوای دابەزینمـان یانە پێشـمـەرگـەی هەولێر و یانەی هەولێری خولی کوردستان داوایان کردم.

*** جێهـێـشـتنی هەندێک یاریزانی بەتوانا لە یانەی ئاسۆ کاریگەری هەبوو بەسەر یانەکەتان؟**

-کـاریگەری گـەلێک زۆر بوو، بەڵام راهێنەر بۆشایی یاریزانەکان پر دەکاتەوە

*** ئەی گۆڕینی راهێنەر کاریگەری هەیە بەسەر تانەوە؟**

-بەڕای من لەسـەرەتاوە نەدەبا (مـحـەمـەد یوسف)ی راهێنەر بگۆڕن.

*** بۆچی ماوەی دوو ساڵە یاری ناکەی؟**

-پار لە دووەم یاری تووشی پێکانێکی سەخت هاتم و دوای شەش یاری، ئینجا چاکبوومەوە و لە یاری پێش کۆتایی یاریکرد.

لەسیمینارەکەی تاراندا، هەرێمی کوردستان ناوی لەریزبەندی وڵاتاندا خوێندرایەوە

ئا: زانا قادر- تەهران

لەدرێژەی بەردەوامـبـونی چالاکـیـیـەکـانی سیمیناری نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانی وەرزشی لەتارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێران، رۆژی سێشەمە(٧/٢٠)لەنێو هۆڵی هۆتێل ئۆڵۆمپیکدا، وانە تیۆرییەکانی سیمینارەکە دەستیپێکرد.

(ئاغای عـەلی سـعـیـد لۆ)، جێگری سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران و ئاغای بەهرام ئەفشار زادە، سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی ئێران و، وەزیری تەربیـەی بەدەنی و چەندین بەرپرسـانی وەرزشی ئێران ئامادەبوون.

لەساتی خوێندنەوەی ناوی وڵاتانی بەشداربووی ئەم سـیـمـیـنـارە، ناوی هەرێمی کـوردسـتـان لە ریزبەندییەکەدا خوێندرایەوە، کە بەپێی وتەی چەند رۆژنامەنووسێکی ئێرانی بەشداربوی سیمینارەکە، بۆ یەکەمجارە لەنێو خاکی ئێراندا بەوشێوەیە ناوی هەرێمی کوردستان بهێنرێت.

دواتر وانەکـانی تیـۆریی سـیـمـیـنـارەکـە دەستیپێکرد، کە هەریەکە لە دکتۆر ئیدەر و دکتۆرە ڤارینا، وانەی تایبەتی خۆیان پێشکەشکرد.

دواتر، (دکتۆر ئەحمەدی)، کە سەرۆکی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی وەرزشی ئێرانە، جارێکیتر رۆڵی ئەو رۆژنامەنووسانەی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند و لەپێش رۆژنامەنووسانی تورکیا و چین و ئەرمـیـنـیـا و کـوێت و ئێـران، ناوی هەرێمی کوردستانی هێنا.

دکـتـۆر ئەحـمـەدی ئامـاژەی بەوەشـدا، کـە بۆ یەکەمجارە سیمینارێکی لەو شێوەیە لەکیشوەری ئاسیا بەڕێوەدەچێت.

پاش نیوەڕۆش، چەندین وتاری تر پێشکەشکران و دواتر، بەشداربوانی سیمینارەکە، بەشەکانی ئەکادیمیای فتبۆڵی میللی ئێرانیان بەسەرکردەوە کە پێکهاتبوو لەچەند یاریگایەکی چیمەن و چەند هۆڵێکی داخـراو. شـاندی رۆژنامـەنووسـانی وەرزشی هەرێمی کـوردسـتـان، لەچوار کـەس پێکهاتون و بریتین لە(زانا قادر و سەلام تاهیر و کاروان شێخ زیرەک و بەهمەن غەریب).

جـێگەی ئامـاژەیە ئەم چوار رۆژنامـەنووسـە کوردە، بەهەوڵ و مـاندووبوونی (دکـتـۆر کامەران رەهبەری) هاتۆتە دی.

مانچستەریونایتد خاوەن گەورەترین هێزی ئابوورییە لە جیهان

بە گـــوێرەی ئەو ئامـــارانەی کـــە گۆڤاری«فوریس»ی بەناوبانگ بڵاویکردەوە، یانەی مـانچـسـتـەریونایتـدی ئینگلیـزی بە بەهێزترین تیپ لە هەموو جۆرە وەرزشەکان لە جیهان دادەندرێت لەلایەنی هێزی ئابووری.

یانەی مـەلەکی لە ریزبەندی شـەشـەم دێت خاوەن یەک ملیـارو ٢٥ ملیـۆن یۆرۆیە، بەڵام یانەی مـانچـسـتـەری ئینگلیـزی خـاوەن یەک ملیـارو ٤١٨ ملیـۆن یۆرۆیە لە دوای ئەویش سێ تیـپی باسکەی ئەمـریکی و وە تیـپی نیۆیۆرک یانکیز لە یاری بیسبۆل دێت.

هەر ئەو گـــۆڤـــارە راپۆرتێکی لەمـــەڕ داهاتەکانی هەندێک لە تیـپەکان بڵاوکردەوە بە گـوێرەی راپۆرتەکـە یانەی ریال مـەدرید داهاتی ساڵانەی ١٨٠ ملیۆن یۆرۆ لە رێگای گواستنەوەی یارییەکان بۆ تەلەڤزیۆن دەستی دەکەوێت کە لە هەمـوو یانەکـانی تۆپی پێ زیاترە، بەڵام لەم لایەنە هەردوو کۆمپـانیـای فـیـراری بۆ ئۆتۆمـبـێل کـە داهاتی سـاڵانەی ٨١٥ ملیۆن یۆرۆیە، هەروەها تیپی لیکەرزی ئەمـریکی لە یاری باسکە داهاتی سـاڵانەی ٤٧٠ ملیۆن یۆرۆیە داهاتی ساڵانەیان لە ریال مەدرید زیاترە.

ئا: کاوە فاروق

ئەمڕۆ گوتی دەگاتە تورکیا

یاریزانی ناوەڕاســـتی یانەی ریال مـــەدریدی ئیـسـپـانی خـۆزیە مـاریا گوتیرێز ناسراو بە گوتی ١٤ ئەمڕۆ سێشەمە دەگاتە وڵاتی تورکـیـا بۆ ئەوەی بۆندێک لەگەڵ یانەی«بەشکتاش»ی تورکی مۆر بکات.

بە گوێرەی بۆندەکە گوتی بۆ ماوەی دووساڵ بەرامبەر مـووچەی سـاڵانە ٣ ملیـۆن یۆرۆ یـاری بـۆ ئەو یـانـەیە دەکات.

گـوتی دوێنێ بۆندەکـەی لەگـــەڵ یانـەی شـــاهانە هەڵوەشـاندەوە، پاش ئەوەی راهێنەری ئەڵمـانی بێـرناند شـۆسـتەر داوای لەم یاریزانە کردبوو بێتە ریزی یانەکەیان.

بـەڵام وادیـارە یـانـەی بەشکتـاش بەنیـازە گـوتی پەلکێـشی یانەکـەی بکات بـێ ئەوەی هـیـچ پارەیـەک بدات بە یانەی شاهانە.

ئا: یاسین تەها